کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:46 22-5-2007

## له چلەی "دوعا"، "شەوبۆ" یەک قوربانی... زانا قاسم دزەیی



خوێنەری بەڕێز: بەر لەوەی من بچمە سەر باسەکەی خۆم و تف لە پیاوەتیم بکەم، ئەگەر ئافرەتیت، بەشی یەکەمی ئەم نوسینە هی ریش چڵکنێکە و بۆت نییە بێ پابەندبوون بەو مەرجانە سەر بە کۆمەڵگاکەی بیت... بەڵام لە بەشەکەی دیکە تۆ هەیت و هەموو ریش چڵکنەکان لەژێر رەحمی تۆ دان:

یەکەم:-

1. نابێ مۆبایلت هەبێ.
2. نابێ وێنەیەك بۆ یادگاری بگریت.
3. نابێ بچیتە خوێندنگا.
4. نابێ حەزت لە هیچ بێ، جا هەرچی بێ ...
5. دەبێ تۆ تاکسی بیت بۆ گواستنەوەی غەریزە رەشەکانی ریش چڵکنان و هیچی تر.

دووەم:-



تۆش خوێنەری پیاو ئاگادار بە...

لەبەر ئەوەی لە درندەیی و بێ ویژدانیت ئەترسم.. زۆر بە هێمنانە قسەت لەگەڵ ئەکەم، بشم بوورە ئەگەر لە وشەیەکم یان ڕستەیەکم تێنەگەیشتی چونکە هەر لە ترسانە ناوێرنم دەنگ بەرز کەمەوە...

پێم باشە تۆش مۆبایلت نەبێ.. ئەگەر کارێکت بوو، بە تەکسییەك بچۆ لە دەرگای ماڵی خوازراوت بدە بەڵام تەلەفۆن مەکە، نەبادا ژمارەکە بە هەڵە لێبدەیت و رقەمەکەت لەسەر مۆبایلی کچێك یان ژنێك دەربکەوێت و وەك شەوبۆ بیکوژن... (شەوبۆ یان دوعا؟!!) - (نا شەوبۆ) - (شەوبۆ کێیە؟!!) ئەمەشت پێ ئەڵێم...

ئاگاداربە ئەگەر لەئاهەنگێکدا یان لە هەر شوێنێکدا کچێك یان ژنێکی لێبوو وێنە مەگرە، یان ئەگەر گرتت تکادەکەم پشت بە دیوارێکی سپی بدە و مەهێڵە چاوی کامێرا لە تۆ زیاتر ئاوەدانی ببینێ.. با سێبەری کچێك لە وێنەکەتدا دەرنەکەوێت و باڵای ببڕنەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:46 22-5-2007

تکادەکەم ئەگەر بە شەقامێکدا ڕۆیشتی بەهیچ شێوەیەك بەهەمان ڕێرەوی ئەو سێ چوار کچەدا مەچۆ کە بەشەقامەکەدا بەرەو خوێندنگایەکەیان تێدەپەڕن، با ئەوانیش لە خوێندن دەرنەهێندرێن و لەبن دار زەیتوونێکدا نەبن بە خۆراکی زوحاکەکانی ئەم سەردەمە... "خۆ ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەوەندە کاوە بین و ڕوو بەڕوویان بینەوە"..

هەروەك چۆن ئافرەت نابێ حەزی لە هیچ بێ... دەبا قوڕ بە حەزی تۆش بێ ئەی پیاو، کە بێ ئافرەت نامرۆڤیت و ئاژەڵێکی دڕندە و برسیت.

ئا وتم شەوبۆ؟!! ڕاست دەکەیت.. بە مانشێتێکی زەق و لەسەر لوتکەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی جەماوەر، هەواڵی کوشتنی شەوبۆ بڵاوبۆتەوە لەبەر ئەوەی گەورەترین تاوانی دژ بە ڕیش چڵکنەکان ئەنجامداوە کە بریتیە لە بوونی ژمارەیەکی نامۆ لەناو مۆبایلەکەی!!!!!!

(ئای لەو حەیاچوونە.. توخوا با کەس پێمان نەزانێ پیاوینە.. با هەرخۆمان تف لە پیاوەتیمان کەین نەك بێگانە) .

بە پێی ڕۆژنامەکە شەوبۆ تەمەنی (18) ساڵە و باوکیشی دەڵێ کچەکەم کە جوانترین ژنی ئەم کوردستانەبوو تەمەنی (19) ساڵ بوو!" بەهەر حاڵ شەوبۆ بەر لەگەیشتنی بە بیستەم بەهاری کوشتیان".. ئەو دەڵێ مێردەکەی ناسیاوی خۆمان بوو لە ئەوروپا وێنەی شەوبۆی لەلای براکەی بینی بوو بۆیە داوای کرد و منیش پێشکەشم کرد.. پۆلیسیش دەڵێ ئەو کەسە "کۆنە دزە" و لە ئەنجامی ڕاکێشانی گوارە و بازنە و "چوزانم ئەو هەموو زێڕە"، شوێنەواری داماڵین بەجەستەی شەوبۆ دیارە. کەواتە لێرە کێشەکە بووە دزی؟!! بەڵام چۆن دزییەك؟!! و لەکێ و کێ دەیکات و چی دەدزن؟!!

گروپێکی شەش کەسی (مێردەکەی شەوبۆ، دوو برای مێردەکەی شەوبۆ، خوشکی مێردەکەی شەوبۆ خۆی ومێردەکەی، باوەڕکەن لەهەواڵەکەدا هاتووە کە خەسووەکەی شەوبۆش لەگەڵ تیمەکە بووە) ئەمانە هەموویان بەشداریان لە لێدان و شکاندنی چەند شوێنێکی جەستەی شەوبۆ کردووە و دواتر (7) گوللەی گەرم بەجەستە ناسکەکەی سارد ئەکەنەوە.. جگە لە گیان و جگە لەزێر کە گوایە (750 گرام) بووە، شەوبۆ مندالە نۆمانگییەکەشی لێ دەدزرێت..

من بۆخۆم لەگەڵ خوێندنەوەی هەواڵەکە هەمان بەرد و بلۆکەکانی باشیقەم بەدی کرد کە دوور لەچاوی کامێرای مۆبایل و هەلهەلەی ژنان، بەر گیانی شەوبۆ دەکەوتن. من بەدووری نازانم گروپێکی شەش کەسی کە بتوانێ ئەم دڕندایەتییە بکات، وێنەکەشیان گرتبێت و ئێستا بەڕێگاوەبێت بۆ دیوەخانی نەریتی ڕیش چڵکن و ئافەرینێکی پێ وەرگرن.. ئەوسا هەلهەلەی ژنانیش ڕەنگە ببیسترێ...

من تێناگەم ئەمە دزییە یان (غەسل عار) ! بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت کوشتنێکی وەحشیگەرانەیە..

پرسیار لێرە ئەوەیە ئاخۆ ئەو شەش کەسە بایی ئەوەیان دزیوە یاخود (750 گرام زێڕ) دەتوانێ ئازادی شەش کەس بگێڕێتەوە؟!! خۆ ئەگەر بشتوانێ ئەی دزییەکەیان بۆچی کرد کە هیچیان بۆ نەمایەوە؟!! شەوبۆیان بۆ کوشت؟!!.. بەڵام دیارە تەنیا بوونی ژمارەیەکی نەناسراو لە مۆبایلەکەی شەوبۆ هەموو تەوقێك دەشکێنێت و لەجیاتی سزا ئافەرین و سوپاسنامە بۆ بکوژان دەستەبەر ئەکات، بۆیە بکوژان ئەم ڤیتۆیەیان بەکارهێناوە..

باوەڕم پێ بکەن کوشتنی "شەوبۆ" زۆر لە کوشتنی "دوعا" زیاتر لە پیاوەتی خۆمی بێزارکردم.. تکایە لۆمەم مەکەن، ئاخر ئێستا من نازانم من پیاوم یان ئەوانەی "دوعا" و "شەوبۆ" یان کوشت؟!!!

من نازانم ... .. من نازانم... ئەی ئێوە پیاوینە دەزانن؟!!!

zanadizayee@hotmail. com

بۆ زانیاری خوێنەران و بەدواداچوونی هەواڵەکە، لەژمارە (224) ی ڕۆژنامەی جەماوەر بڵاوبۆتەوە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.